


# کوڕێژگە کەرکووکییەکە و تۆپە لاستیکەکەی

عوسمان محێدین
(کەرکووک)

سالّی تازەی دوو هەزار و بیست و چوار، مانگی دوو، سبەی ڕۆژی لە دایکبوونمە، کەم کەس بەم ڕووداوە دەزانێت، ڕەنگە ئەم ڕێکەوتە بۆ مرۆڤایەتی گرنگ نەبێت، بۆ تۆیش کە ئەم یاداشتە دەخوێنیتەوە، بەڵام بۆ دایکم نا، بۆ کۆڵانەکەمان نا. بۆ دایکم خۆشترین ڕۆژە و هیچ کەس بە قەد ئەو بەم ڕۆژە دڵخۆش نییە، ئەو ڕۆژەی من هاتمە دنیاوە، ماڵمان سادە، باوکم دڵ گەرم، دنیاش سارد سارد بوو وەک دەڵێن. زۆر شتی تر دەڵێن و من ئەو ڕۆژانەم بیر نییە.

ئێستا، لای تەکسییەکان و لەو شوێنەی، کە زۆر جار چاوەڕوانی پاسەکەی زانکۆ دەکەم ڕاوەستاوم، حەسەن شوێنەکەم پێ دەزانێ، ئەو شۆفێرێکی چاو سەوز و زرنگە، حەسەن لە کارەکتەری فیلمێک دەچێت، ناوی فیلمەکەم بیر نییە، هەموو سەرنشینەکانی باش دەناسێت، پاسەکەی پڕە لە وردە خەونی شکاو.

ئەم ئێوارەیە، بە چاوی منداڵییەوە لە شارم ڕوانی، شار گەورە بوو، من بچووک بەم شارە! خۆم لەو گۆڕەپانە بینییەوە، کە بە منداڵی لەتەک هاوڕێکانم نزیک ئاگرەکەی باوەگوڕگوڕ تۆپ تۆپێنمان دەکرد، تەنیا چەند سەد مەترێک لە ئاگرە ئەزەلییەکەوە دووربووین، ئێمە ئەو دەمە بە تۆپێکی لاستیک یاریمان دەکرد، بەڵام ئێستا شار خۆی بووە بە تۆپێکی گەورە و گەورەکان یاریی پێ دەکەن

لـە تەنیشـت کۆڵانـی ئـەو مارکێتـە ڕاوەسـتاوم، کوڕێژگەیـەک بـۆ چەنـد جارێـک سـەرەتاتکێ دەکات و تۆپێکـی بـە دەسـتەوەیە، تـۆپ تەنیـا و خـۆی لـە مـن تەنیاتـر، بـەو سـەرمایە وەسـتاوە و کەسـی دەسـت ناکـەوێ تـۆپ تۆپێنـی لەگـەڵ بـکات، لـە نـاکاو سـەیری کـرد، چـاوی بانگهێشـتی یاریـی کـردم، ڕاسـتتر ڕوحـی بانگێشـتی کـردم، قبووڵـم کـرد، دەسـتمان بەیـاری کـرد، ئـەو جوانتـر یاریـی دەکـرد و تۆپەکـە بـۆ ئـەو ئاشـناتر دیاربـوو. یارییەکـی بـێ ناوبژیـوان، بـێ ئۆفسـاید، بـێ بینـەران، بـێ تـۆ! ئـەم یارییـە دۆسـتانەیەم بـە خەڵاتێـک لێـک دایـەوە، بـە دەم یـاری و یـادی گەرمـی ئاگـرە ئەزلییەکـە و شـووتەکانی ئـەم کوڕێژگـە کەرکووکییـە، بـۆ سـەر هـەورەکان بەرزبوومـەوە و لەوێـوە بـۆ نێـو دنیـای منداڵیـم شـۆڕبوومەوە. منداڵیـم کـەس نەیزانـی لـە کوێـدا شـکا!

هەردووکمـان ئاسـوودە بوویـن، مـن بـۆ ساڵیادی لـە دایکبوونـم و ئەویـش لـەو شـارەدا کەسـێکی دەسـت کـەوت یـاری لەگـەڵ بـکات، خودایـە هەردووکمـان چەنـد لەیـەک دەچیـن!